# گرفتی گەندەڵی و خواستی شەفافییەت لەنێوان حکومەت و خەڵکدا

## لە دووەمین دیداری سەرۆ قادر لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لە هەولێر

### بەشی یەکەم



پەیوەندی لێکگرێدانی نێوان حکومەت و خەڵک، بە بڕیارێکی سیاسی یا بە چەند بەیاننامەیەک نایێتە دی، چونکە ئەرکەکان لە بنەڕەتدا کۆمەڵگەلێکن کە هەرتاکێکی کورد لە ژیانی رۆژانەیدا پێویستی پێی هەیە، ئەمە جگە لەوەی حکومەتیش بەدوای رێگاچارەیەکی واقیعیدا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی ببێتە حکومەتێکی نوێ و مۆدێرن لە ناوچەکە، شەفافییەت، کەمکردنەوەی گەندەڵی، بووژاندنەوەی ژێرخانی وڵات، دۆزینەوەی کار و نەهێشتنی بێکاری، پاراستنی مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و لێبووردەیی و... هەموو ئەمانە پێویستیان بە بەرنامە و پلانی تۆکمە هەیە، سەرۆ قادر دیارترینی ئەو کەسانەیە، کە زۆر بە جورئەتەوە، لایەکی لەم پرسانە کردۆتەوە، کە تا ئێستا رۆشنبیرانی کورد، ئەوانەی لە خەمی وڵاتەکەشیانن، ئەم ئەرکە نیشتمانییەیان بەشێوەیەکی جیدی و وەکو سەرۆ قادر نەگرتۆتە ئەستۆ، بەڵام سوور بوونی سەرۆ قادر لەسەر شەفایەت و نەهێشتنی پشت بەخۆ نەبەستن و کەمکردنەوەی گەندەڵی رێگایەکە پێویستی بە دیالۆگی بەردەوام و تەنانەت کۆنفرانسی تایبەت بەو پرسانە هەیە، گوڵان یش لە پێناو گەیاندنی باشتری پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی کە لە نەورۆزدا رایگەیاند و لەپێناوی دروستکردنی گفتوگۆیەکی هاوچەرخانە کە بە بەرژەوەندی حکومەت و خەڵک بکەوێتەوە، بە ئەرکی خۆی دەزانێت، لەلایەک بۆچوونی جودا جودا لەسەر نەورۆزنامەکەی نێچیرڤان بارزانی بڵاوبکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە بۆ زیتر لەیەکگەیشتنی نێوان حکومەت و خەڵک گرنگی بەو کۆڕو سیمینارانە دەدات، کە ئەرکێکی نیشتمانی هاوسەردەمانەن .

لەم روانگەوە سەرۆ قادر لە دووەمین کۆڕی لەگەڵ قوتابیانی زانکۆی سلێمانی لە هەولێر، لە رۆژی پێنجشەممەی رابردوو (٢٠٠٧/٤/٥) کە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی سلێمانی هاتبوون، سەرۆ قادریش بە جورئەتەوە ئاماژەی بۆ چەندین پرسی هەستیار کرد، کە لێرەدا پوختەیەکی لێ دەخەینە روو.

لە سەرەتادا سەرۆ لە بەخێرهاتنی قوتابییاندا وتی(( بەناوی خۆم و هاوکارانم لەو دەزگا راگەیاندنانەی لە هەولێرن و بانگێشتی منیان قبولاً کردووە، بەخێرهاتنی گەرمتان لێدەکەم. جارێکی دیکەش ئەو خۆشحاڵیەی خۆم بەرامبەر بە زیندوویەتی خوێندکار و قوتابیانی کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی دەردەبرمەوە لە بەرامبەر بە هەموو بوارە گرنگەکانی پەیوەندار بە چارەنووسی وڵاتەکەمان. هەڵبەت هەوڵدەدەم قسەکانی پێشووم چ لە کۆری شەفافییەت یان لە کاتی پێشوازی یەکەمم لەو خوێندکار و قوتابیانە ی وەک ئێوە بە حەزی خۆیان بۆ گفتوگۆکردن هاتبوون، تا لە نزیکەوە ئاشنای گفتووگۆیەک بن کە هەموومان پێویستمان بەو گفتوگۆیە هەیە.))

ئینجا سەرۆقادر باسی لە گرنگی ئەو پرسە کرد کە حکومەتیش لە پشتیوانیکردنیدایەو وتی ((لێتان ناشارمەوە ، ئەوەی لە کۆڕەکانی پێشوومدا گوتومەگوزارشتی لە راگەیاندنێک کردووە کە رێبازێکی نوێی لە نێو تێکڕای راگەیاندنی کوردستاندا هەڵگرتووە. لەم کارەماندا سەرۆکی حکومەتی کوردستانیشمان ئاگادار کردووە کە پشتیوانی پرۆسەکە بکات و حکومەت ئامادەی گوێگرتنی زیاتر لە پێشوو بێت بۆ ئەو پێشنیار و ئاشکراگۆییەی دەکرێت. هەروەها تەحەمولی شەفافییەت بکات و گوێ بگرێت کە دیاردەی گەندەڵی ناوەرۆک و روخسارەکانی چۆنە و بە چ شێوەیەکیش باسدەکرێت. خۆشبەختانە سەرۆکی حکومەتی کوردستانیش پشتگیری لەو پرۆسەیە دەکات و، بۆ ئەوەی گرفتەکانی حکومەت و خەڵک سووکتر ببێت.

ئێستا من لێرەدا جارێکی دیکە لەگەڵتان دەکەومە گفتوگۆ و لەو کەسانەشتانەوە دەست پێبکەم کە هێندە موخالیفی منن کە تەنیا نایانەوێ سەرم ببرن، لەوانەوە دەست پێدەکەم. لە موخالیفی رەئیەوە تا موخالیفی سیاسی، تاکو بگەینە ئەو چارەسەریانەی بۆ بەرژەوەندی ولاتەکەمان سوودی هەیە و بە کەڵکی چاکسازی دێن.

قسەیەکی بیرمەندێکی بەناوبانگ هەیە دەڵێ: رووناکبیر ئەو کەسەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لێینەکراوە. بەڵام وەڵامەکان لەسەر دیاردە و واقیعێک بن هەیە و جێی بایەخی خەڵکن. مەبەستم نموونە هێنانەوە بەخۆم نیە بەڵام لەمەولا ئەگەر کەسانی ئاوها لە وڵاتەکەماندا هەبوون، ئەگەر پرسیاریشیان لێنەکرابوو، دیاردەی نوێیان تۆژییەوە، وروژاندی تاکو کەسانی دیکەی زاناتر منافەسەی بکەن و مناقەشە بکرێ، با پشتیوانی بکەین تا دەنگی بگاتە خەڵک.

ئێمە هەموومان هەر لە سەرۆکی وڵاتەوە تا دەگاتە هاوڵاتییەکی سادە، خەممان ئەوەیە چۆن بەڵایەکانی عێراقی ئێستا لە خۆمان دووربخەینەوە کە پێدەگوترێ شەری دینی و تایفیو سومعەی خراپی عێراق لە ناو جیهاندا بە هی کوردستانیش حساب نەکرێ. تاکو کوردستان لەرووی ئاسایش و بازرگانی و پەیوەندی دپلۆماسی لەو سومعە خراپەی عیراقی ئەمرۆ جیا بکەینەوە. جا مافی هەموو لایەکمانە بیر بکەینەوە چۆن دەکری باشترین حکومەتمان هەبێ، باشترین میکانیزم بۆ پەیوەندی نێوان حکومەت و خەڵک بدۆزینەوە، هەر ئەوەش باشترین خزمەتە بە نیزامی دیموکراسی لە کوردستان.

زۆر لە ئێوەو ئەو مامۆستایانەی زانکۆ کە نووسیویانە، باس کراوە کوردستان تەجرەبەی

**قسەیەکی بیرمەندێکی بەناوبانگ هەیە دەڵێ: رووناکبیر ئەو کەسەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لێینەکراوە. بەڵام وەڵامەکان لەسەر دیاردە و واقیعێک بن هەیە و جێی بایەخی خەڵکن**

**مافی هەموو لایەکمانە بیر بکەینەوە چۆن دەکری باشترین حکومەتمان هەبێ، باشترین میکانیزم بۆ پەیوەندی نێوان حکومەت و خەڵک بدۆزینەوە، هەر ئەوەش باشترین خزمەتە بە نیزامی دیموکراسی لە کوردستان**





خۆبەڕێوەبردنی کەمە، دەوڵەت بەڕێوەبردن کارێکە دەبێ مێژوویەکی بەدواوەبێت. شتێک نیە هەر بە قسە دروست بکرێ. ئێوە ئەوانەی لەبواری زانستە مرۆییەکان دەخوێنن دەزانن هەموو بەشەکانی ئەو زانستانە بە مێژوویەکی درێژ دوای دروستبوونی دەوڵەتانەوە هاتوونە کایە. ئێمە هیچ کام لەو دووانەمان نیە تا هەر بەکتێب خوێندنەوەیەک فێری دەوڵەت بەڕێوەبردنێکی باش بین. ئەم قسانەشم بۆ پاساو هێنانەوە بۆ بەشی دامودەزگا خراپ و نەزان و نەشارەزای حکومەتی کوردستان بێنمەوە. هەر کەسێک لە هەر پۆستێکدایە بەرپرسیارە لەو کەموکوریانەی لەو بواردا ڕوودەدات. بەلام پێویستە دان بەوەدابێنین کە ئێمە حکومەتێکمان هەیە تەمەنی پانزدە ساڵە، دە ساڵی لەو تەمەنە کورتەدا لە شەری ناوخۆ و تەنگوچەڵەمەدا بەسەربردووە. سیانزدە ساڵ لەو تەمەنەی لە گەمارۆی نێودەوڵەتی و عیراقی گوزەراندووە. هەمووی دوو ساڵە بەپێی دەستووری عێراق ئیعتراف بە کوردستان کراوە. دەشزانن بە درێژایی مێژووی عێراق هێندەی ئێستا شپرزە و بێ سومعە و مەکۆی تیرۆر نەبووە. ئەوانەش گشتیان بوونەتە گرفتی زۆر گەورە بۆ حکومەتی کوردستان کە بەرهەمی سەدساڵ تێکۆشانی میللەتەکەمانە.

لە هەردوو کۆرەکەی پێشوومدا، وەک پلەی سیاسی یان ڕۆژنامەنووس یان نووسەرێک، بەرپرسیارێتییان قبولاً دەکەم. ئەگەر دڵنیاین لە هونەری حکومەتداریدا کەموکوریمان هەیە پێویستە پرسیار لە خۆمان بکەین ئەوانە لە کوێوە دێن؟ لەو کەسانەدایە کە تەنیا حکومەت بەڕێوەدەبەن؟ خۆ ئەو کەسانە زۆر گۆڕدران. یان کۆمەڵگایەکمان هەیە قەت سەربەخۆ نەبووەو بۆیە خاوەن دەوڵەتیش نەبووە، دامودەزگای پەروەردەو پێگەیەنەری کادری حکومەتی نەبووەو نیە، ئایا لە خودی کۆمەڵگاشدا کەموکوری نیە؟

پێموایە دەبێ جورئەتی ئەوەمان هەبێت پاش ئەوەی کەموکوریەکانی حکومەت ئاشکرا دەکەین، بانگ بدەین: حکومەتێکی باشمان نابێ ئەگەر چاکسازییەکی کۆمەڵایەتی جدی دەستپێنەکەین. چاکسازی کۆمەڵایەتی لە چاکسازی کردن لەناو حکومەتدا زۆر سەختترە. چاکسازیکردن لە حکومەتدا بە بریاری ئیداری و ئیرادەو هێزی سیاسی دەکرێ، بۆیە ئەگەر بیانەوێ بیکەن کاری شەو ڕۆژێکە. ڕەخنەگرتن لە سەرۆک و وەزیر و بەڕێوەیێک لە هەبوونی ئازادیدا کارێکی قورس نیە. ئەو سەرۆک و وەزیر و ئەندام پەرلەمانە تا دەگاتە سادەترین هاونیشتمانی، ئەگەر بەری ڕەخنەگرتن ناگرێت ، دەبێ بزانێ لە نیزامی دیموکراسیدا جێی نابێتەوە. ئەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی دیموکراسی. لەم ڕوانگەیەوە بوو کە سەرۆک بارزانی لە کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری میدیاکانی کوردستان گووتی: ئەگەر هەمووتان هەموو ڕۆژێ قسەی ناشیرینیشم پێبدەن، لەسەر خۆم لێتاننناپێچمەوە. ئەوە نیشانەی

ئەگەر دڵنیاین لە هونەری حکومەتداریدا کەموکوریمان هەیە پێویستە پرسیار لە خۆمان بکەین ئەوانە لە کوێوە دێن؟ لەو کەسانەدایە کە تەنیا حکومەت بەڕێوەدەبەن؟ خۆ ئەو کەسانە زۆر گۆڕدران. یان کۆمەڵگایەکمان هەیە قەت سەربەخۆ نەبووەو بۆیە خاوەن دەوڵەتیش نەبووە، دامودەزگای پەروەردەو پێگەیەنەری کادری حکومەتی نەبووەو نیە، ئایا لە خودی کۆمەڵگاشدا کەموکوری نیە؟

ئەوەیە ئامادەیی سیاسی بۆ قبوڵ کردنی رەخنە هەیە. هەر چەند پێموایە ئەگەر یەکێک پێشێلی مافە مەعنەویەکانی سەرۆکی وڵات و سەرۆکی حکومەت و پۆستە مادی و مەعنەویەکانی دیکەی سەروەری(سیادی) بکات، ئەوە سیستەمی دادوەری (قەزایی) دەبێ دیفاعیان لێبکات.

رەخنەگرتن لە کۆمەڵگا جورئەت و زانایی دەوێ. رەخنەگرتن بە مانای جنێودان بە کۆمەڵگا نیە. بەڵکو رەخنەگرتن لە کەلتوری کۆمەڵگایە. ئێوە خوێنکارن و دەزانن کەلتور بریتی نیە لە شیعر و چیرۆک و رۆمان، کە هەموویان لە جانتایەکی گەورەدا جیگایان دەبێتەوە(چونکە لەوێشدا هەژارین)، کارێکی ئاسان دەبوو. ئەوەی من دەڵێم رەخنەگرتنە لە وردەکارییەکانی ئەو باوەڕ و داب و نەریتانەی رۆژانە پێی دەژین، لە ناو ماڵ، لە نێوان دایک و باوک و کور و کچ، لە دراوسێیەتیدا ، باوەرەکانمان بۆ بەرێوەبردن، کارکردن، بەشێکی هەرەزۆری کەلتوری ئێمە دینەکەمانە، کەواتە ئەویش دەبآ توانایی خۆ گونجاندن و خۆچاککردنی هەبێ. لە دنیادا دەوڵەتێک نیە پێش چاکسازی کۆمەڵایەتی بووبێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخی زۆر باش. ئەو کاتەی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات و دین خۆی لەگەڵ دەگونجێنێ، ئەو کاتەیە رێگا لەبەردەم توانایيە نوێیەکان دەبێتەوە، ئازادییەکان فراوانتر دەبن، ئینجا حکومەتێکی رێکوپێکترت دەبێت.

دەمەوێ بزانن من زۆر پشتیوانی حکومەتی کوردستانم و پێویستە هەموو هاوڵاتیان شانازی بەو سەروەرییە بکەن کە هەیانە. سەروەریمان لەو حکومەتەدا دەردەکەوێ کە هەمانە. ئەویش پەسندکراوی ئەو پەرلەمانەیە کە هەڵمانبژاردووە. ئەگەر سەروەری مایەی شانازی میللەتان بێت، دەبێ ئێمەو ئەوانەی ئێستا لێرە دانیشتووین ، تێر تێر شانازی بەو حکومەت و سیستەمەوە بکەین کە هەمانە. بە بارستایی ئەو شانازییەش دەبێ ئامادەییمان تێدابێت رەخنە لە دامودەزگاکانی حکومەت و سیستەمی کۆمەڵایەتیمان بگرین. ئەم حکومەتە بەرهەمی تێکۆشانی شەهیدانی ئەم میللەتەیە. دەپرسم : ئایا حکومەت هەر لەخۆیەوە چاک دەبێ (ئیسلاح)؟ پێموایە نا. راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە چەشنە جیاجیاکانیانەوە، رۆلی سەرەکیان هەیە لە گەیاندنی راو بۆچوون و خواستەکانی خەڵک بە حکومەت، هەروەها هێنانەوەی وەڵام و ئاستەنگ و کەموکوریەکانی حکومەت بە خەڵک. رۆلی ئەم دووانە(راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی) لەوە تێناپەرێت. لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوودا راگەیاندن بەمانای جنێودان نیە، چونکە ئەوە بە پێشێل کردنی ماف دادەندرێ، بۆیە رۆژنامەنووس و خاوەن دەزگاکانی میدیا دەکەونە بەر لێپێچانەوەی یاسایی، ئەگەر لە جیاتی گواستنەوەی پەیام ( جا چ سیاسی، هەواڵ، بیرورا، پرۆژە ..بێت) توندوتیژی بگوازێتەوە. لە یاسای نێودەوڵەتیدا توندوتیژی لە کاری راگەیاندنیشدا قەدەغەیە. هەربۆیە کە سنوری خۆیان بەزاند پێشیان پێدەگیرێ.

**من زۆر پشتیوانی حکومەتی کوردستانم و پێویستە هەموو هاوڵاتیان شانازی بەو سەروەرییە بکەن کە هەیانە. سەروەریمان لەو حکومەتەدا دەردەکەوێ کە هەمانە**



ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییەی کە لە کوردستاندا، بەرپا بووە، جۆرێک لە ناتێگەیشتن و تەنانەت نەگونجان لەگەڵ رەوتی پێشکەوتنە جۆراوجۆرەکانی بەخۆوە گرتووە، بۆیە ئەو ئەزموونەی کوردستان کە خەریکە باشتر دەچەسپێ، دەبێت ئێمەی نووسەرو رۆژنامەنووسانیش بە وردی سەرنجی لێ بدەین، لەم بارەیەوە سەرۆ قادر وتی((ئێمە تەجرەبەیەکی کەممان لە کاری راگەیاندا هەیە. هەر چەند لە بواری نووسین و بیستن بەشێکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بووە، بەڵام دوای راپەرین ئەو شۆرشە (پازدان) گەورەی لە تەکنۆلۆژیای راگەیاندن روویدا و ئێمەش ئەم دواییە وەک هەموو دنیا لێی بەهرەمەندین، وەکو هەموو میللەتان دەنگمان بە خێرایی دەگاتە هەموو دنیا. بەڵام ئایا گۆرانکاری کۆمەڵایەتی و ئامادەکردنی کادری راگەیاندن و دروستکردنی روانگای هاوچەرخی گونجاو لەگەڵ پێویستییەکانی گۆرانکاری روویانداوە؟ نا، رووی نەداوە، بۆیە دەبینین
١- خەڵک گلەیی لە ئاستی بەرهەمی راگەیاندن هەیە و لەگەڵ راگەیاندنی پێشکەوتوو بەراوردی دەکەن. خەڵک حەقیەتی. بەڵام خۆ کادری راگەیاندن لەناو ماڵ فێری ئەو پیشە هاوچەرخە نابێ. لە هەموو بوارەکانیدا دەبێ بخوێنی، ئینجا رادەهێندرێ، جا حەزی لە کام کەناڵ بۆ کام مەبەست و لە چ بواردا ئیش بکات؟ بۆ نموونە حەزی لێیە لە کەناڵێکی سیاسی بێت یان لە یەکێکی کۆمەڵایەتی، لە هونەردابێت یان پەروەردەیی، لەوێدا پەیامنێر بێ یان نووسەر بێ، لێکۆڵەرەوە بێت یات پێشکەشکار بێت، چاودێری زمان بێ یان وێنەگر بێت؟.. وەپێداوەرە. ئەو بوارانە هەموویان گرنگن و پێویستە بۆیان بخوێنن و ئامادە بکرێن. ئێمە ئەوانەمان هیچی نیە. کەسەکان لەناو ماڵەوە هاتوون حەزیان لێیە ببنە رۆژنامەنووس. کەلتوری ناو ماڵ، گەرەک، شار لە زمان و نووسین و قسەکردن و بەکارهێنانی گفتوگۆ دەگوازێتەوە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن. بۆیەش قسەی سوک و پێشیل کردنی ماف دەکات و هەستی پێناکات. هەندێکیش پەیدابوونە پێیانوایە دەبێ قسەی سووک و بوختان بە هاوڵاتیان بکەن تا بناسرێن. کەچی لە کاری راگەیاندندا ئەمە تاوانە. چەند مەترسییەکی دیکەش لەگەڵ خۆی دێنی: ١- نابێتە مایەی چاکسازی. بۆ نموونە وەزیرێکی نەزان یان گەندەڵ یان سەرنەکەوتوو یان مناسبی پلەکەی نیە، رۆژنامەنووس یان ئەو گروپەی تەمای وایە رەخنەی لێبگرێت، دەبێ زۆر خۆی ماندو بکات و بەدوای کارەکە بکەوێ بەڵگە بەدەستبێنێ و شیبکاتەوە، ئینجا دەبێ لە سنوری یاساوە بجوڵێتەوە، نەکا هاوڵاتی پەلاماری وەزیر نەدات، چونکە وەزیریش مافەکانی هاووڵاتیبوونی هەر دەمێنێ. بۆ نموونە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی دوو سەرۆکی دوو حکومەتن لە پێکهاتەی عێراقدا، بەڵام وەک ئێمە ناسنامەی مەدەنیشیان (هەویەی ئەحوالی مەدەنی) هەیە و هاوڵاتین، کە ئەو پۆستانەیان پێسپێردراوە لەبریدا مافی هاوڵاتییان لێوەرناگیرێتەوە. وەزیر و بەرێوەبەرەکانیش هەروان. کاتێک رەخنەیان لێدەگیرێ، دەبێ لایەنی یاسایی و مافەکانی مرۆڤ رەچاو بکرێن. بەم شێوازە پێیدەڵێی: کاکی من ئەوە کەموکوریەکانتە. سەرۆکی حکومەت ئەمە کەموکوری کابینەکەتە، سەرۆکی وڵات ئەمە کەلەبەرەکانی سیستەمەکەتە. ئەو جۆرە رۆژنامەنووسانەن وادەکەن وەزیر دەست لەکارەکەی بکێشێتەوە. بەڵام نە بە شەرەجنێو.

رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، پێکهاتەیەکی نوێی سیستەمی دیموکراسین، دیموکراسی هاوچەرخ نەک کلاسیک. ئەوانیش هەندێکیان وەک راگەیاندن ، خەریکە کاری خۆیان بە چەوتی تێدەگەن. کاری ئەوان هاندانی خەڵک بۆ توندوتیژی و خۆپیشاندان و پەلاماردان و تیرۆر نیە، بەڵکو پردی پەیوەندین لەنێوان حکومەت و ئەو هاوڵاتیانەی مافیان پیشێل دەکرێ، وەک پێرانەگەیشتنی حکومەت، خراپیەکانی بیرۆکرسیی، لایەنگیریی سیاسی بووبێتە مایەی فەرق و جیاوازی گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ تاک یان ناوچەیەک، یان هاوکاریان پێویستە یان کاری رۆشنگەری دەکەن. ئەی ئەگەر ریکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی بلندگۆی بەدەستەوەبوو بۆ هاندانی خەڵک تا پەلاماری ئەم و ئەو بدەن؟ ئەمە رێک ئەو عەقڵیەتەیە کە یەکێک جنێو دەدات و دەڵا من رۆژنامەنووسم حەقمە ئەم کارە بکەم، هەر بە گوێ لێبوون راپۆرت دروست دەکات و هەڵوێستیش وەردەگرێ و بێلایەنیش ناپارێزێ، حەیای هاوڵاتی دەباو بەرژەوەندی دەخاتە مەترسی، دوایی دێت داوای لێبوردن دەکات گوایە نەیزانیوە. ئەرێ لە وڵاتانی پێشکەوتوودا شتی ئاوها هەیە؟ ئەم دیاردەیە لە کەلتوری کوردستانیشدا نیە.

**وەزیرێکی سەرنەکەوتوو یان مناسبی پلەکەی نیە، رۆژنامەنووس یان ئەو گروپەی تەمای وایە رەخنەی لێبگرێت، دەبێ زۆر خۆی ماندو بکات و بەدوای کارەکە بکەوێ بەڵگە بەدەستبێنێ و شیبکاتەوە، ئینجا دەبێ لە سنوری یاساوە بجوڵێتەوە، چونکە وەزیریش مافەکانی هاووڵاتیبوونی هەر دەمێنێ**